پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دووری وبەریبوونی خۆی ڕاگەیاند لە سالیقە وحالیقە وشاقە

لە ئەبی بوردەوە کوڕی ئەبی موسا -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبی موسا تووشی ئازارێکی سەخت بوو، ولە هۆش خۆی چوو وسەری لە باوەشی یەکێك لە خێزانەکانی بوو، بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی وەڵامی خێزانەکەی بداتەوە، کاتێك خەبەری بوویەوە، ووتی: من خۆم دادەبڕێنم وبەریم لەو کەسەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- خۆی لێداپراندووە وبەریە لێی، «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دووری وبەریبوونی خۆی ڕاگەیاند لە سالیقە وحالیقە وشاقە». (سالیقە: ئەو کەسەیە لە کاتی کارەسات وناخۆشیدا دەنگی بەرزدەکاتەوە بە گریان وهاوار، حالیقە: ئەو کەسەیە کە سەری خۆی دەتاشێت بە هۆی موسیبەت وناخۆشیەوە، شاقە: ئەو کەسەیە کە ئێخە وجلەکەی بەری دەدڕێت بەهۆی کارەسات ومردنی کەسێکیەوە، ئەمانە هەمووی نیشانەی ناڕەزایی دەربڕینن بەرامبەر قەزا وقەدەری خوای گەورە بۆیە حەرامن ونەهییان لێکراوە)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەبو بوردە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئەبو موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- تووشی نەخۆشیەکی سەخت بوو و لەهۆش خۆی چوو، وسەری لە باوەشی یەکێك لە خێزانەکانی بوو، ئافرەتەکە هاوار وشیوەنی بۆی کرد، ئەبو موسا نەیتوانی وەڵامی بداتەوە چونکە لەهۆش خۆی چووە. کاتێك خەبەری بویەوە ووتی: من داپران وبەریبوونی خۆم ڕادەگەیەنم لەو کەسەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داپران وبەریبوونی خۆی لێ ڕاگەیاندووە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەریئوونی خۆی ڕاگەیاندووە لە: سالیقە: ئەو کەسەیە لە کاتی کارەسات وناخۆشیدا دەنگی بەرزدەکاتەوە. حالیقە: ئەو کەسەیە کە سەری خۆی دەتاشێت بە هۆی موسیبەت وناخۆشیەوە. شاقە: ئەو کەسەیە کە ئێخە وجلەکەی بەری دەدڕێت بەهۆی کارەسات ومردنی کەسێکیەوە. هەموو ئەمانە کاری جاهیلیەت ونەفامین، بەڵکو فەرمانکراوە بە ئارامگرتن لەکاتی کارەسات وناخۆشیدا، وبە هیوای پاداشتی اللە بێت لەسەر ئەم ناڕەحەتیانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4849

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee